www.kurdistannet.org
26-1-2006 22:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کورد بووی ... شیعری/عەبدول شارباژێڕی/ ٢٠٠٢

بۆ یادی شەهید ملازم ئەنوەری مەجید سولتان

لەو دەستە بووی
یەکەم گوڵی ئاگرینی
شۆڕشی نوێی
لەسەر یەخەی شارباژێڕدا.
لە کوێستانا
هەڵۆیەک بووی
ڕاوی ڕێوی خائینت ئەکرد.
لە گەرمیانا
باز بووی
ڕاوی پۆڕە سیخوڕت ئەکرد.
لە گوندانا
بەور بووی
ڕاوی تاقمە جاشت ئەکرد.
لە شارانا
جەربەزە بووی
ڕاوی گورگی دوو پێت ئەکرد.
***
وەک ئاو پاک بووی
هەموو دەمێ
گیرفان خاڵی
ئەمدی لەگەڵ پێشمەرگەدا
گیرفانەکانت بەش ئەکرد.
هەر کە لاوێ بۆ (پێ. میم) ی
ڕووی تێت ئەکرد
چەک نەبووایە
چەکەکەی خۆت پێشکەش ئەکرد.
مەرد بووی
لە (سۆران) و (بادینان) ا
بە دوای بەعسییە فاشیەکانا
لە شەرگەدا ڕاوت ئەکرد.
کورد بووی
لەهەر لایە لە کوردستان
سەنگەر بوایە
پڵنگ ئاسا
هەڵمەت بەر بووی

هەتا لەگەڵ
هێزی (پشتیوان) ا
خوێنت ڕژا
بەسەر دار و بەردی
چیاکانی
ڕۆژهەڵاتی کوردستانا.
کوردستانیش
بۆ هەتا هەتایە
بەو زامەوە
لە باوەشی
خۆیی
گرتی.
تێر
تێر
فرمێسکی
بۆ ڕشتی.